پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بە لێسینەوەی پەنجەکان وەدوری، وفەرمووی: ئێوە نازانن لە چی بەشێکیدا بەرەکەت هەیە

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بە لێسینەوەی پەنجەکان وەدوری، وفەرمووی: «ئێوە نازانن لە چی بەشێکیدا بەرەکەت هەیە». ولە گێڕانەوەکەیدا (-صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت): «ئەگەر پاروویی یەکێک لە ئێوە کەوت؛ ئەوا با هەڵیبگرێتەوە، وئازارەکەی لەسەر لابات، وبیخوات وبۆ شەیتان جێی نەهێڵێت، وبا دەستی نەسڕێت بە دەستخاوێنکەرەوە* هەتاوەکو پەنجەکانی دەلێسێتەوە؛ چونکە نازانێت لە چی بەشێکی خۆراکەکەدا بەرەکەت هەیە». ولە گێڕانەوەیەکدا: «شەیتان ئامادە دەبێت لەگەڵ یەکێکتان لە هەموو کارێک لە کاروبارەکانیدا، هەتاوەکو تەنانەن لە خواردنەکەیشیدا لەگەڵی ئامادە دەبێت، بۆیە ئەگەر پاروو لە دەستی یەکێک لە ئێوە کەوتە خوارەوە؛ با ئازارەکەی لەسەر لابەرێت، وبیخوات وبۆ شەیتان جێی نەهێڵێت». *(مەبەست ئەو شتانەیە دەست خاوێندەکاتەوە وەکو کلێنکس وهاوشێوەکانی)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئادابێک لە ئادابەکانی خواردن باسدەکات، لەوانەش: ئەگەر مرۆڤ لە خواردن تەواو بوو؛ پێویستە پەنجەکان وەدوری -قاپی- خواردنەکە بلێسێتەوە، بۆئەوەی هیچ شوێنەوارێکی خواردنی لەسەر نەمێنێت، چونکە مرۆڤ نازانێت لە چی بەشێکی خواردنەکەدا بەرەکەت وپیرۆزی هەیە، ومەرج نییە لە پێش چاوی خەڵکانی تر ئەمە ئەنجامبدات ئەگەر ئەوان حەزیان بەمە نەبێت. وهەورەها لە ئادابەکانی خواردن ئەوەیە: ئەگەر پاروویی خواردنی مرۆڤێک کەوتە سەر زەوی؛ نابێت جێی بهێڵێت، چونکە شەیتان ئامادە دەبێت لەگەڵ مرۆڤدا لە هەموو کارێک لە کاروبارەکانی ژیانیدا هەتاوەکو تەنانەت لە خواردنەکەیشیدا، بۆیە دەبێت پاروەکە هەڵبگرێتەوە وئازارەکەی لەسەر لابات وبیخوات بۆئەوەی شەیتان پاروەکە بۆ خۆی نەبات، وئەمیش شتێکی شاراوە ونەبینراوە -غەیبە- ئێمە نایبینین بەڵام لەڕاستیدا دەیبات بەشێوەیەک بۆ ئێمە دەرناکەوێت وسوودی لێوەردەگرێت بۆ خۆی و وزەی پێ پەیدا دەکات ئەگەرچیش پاروەکە لە ڕاستیدا وەکو خۆی ماوەتەوە، ولەوەیە ئەو وزەی لە خواردنەکەدا هەیە دەربکات وتەنها خواردنەکە بمێنێتەوە بێ ئەوەی مرۆڤ سوود لە وزەکەی وەربگرێت، چونک خۆراک لەڕاستیدا وزەی شاراوەی تێدایە کە بە چاو نابینرێت ومرۆڤ سوود لەو وزەیە وەردەگرێت بە جێبەجێکردنی کردەوەکان، ئێمە ئەمە فێربووین بەهۆی فەرموودەی ڕاستگۆ و بەڕاست دانراو پێغەمبەرمان -صلى الله عليه وسلم- چونکە دەفەرموێت شەیتان پاروەکە دەبات ودەیخوات، ئەگەرچیش هەروەکو پێشووتر باسکرا وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی شاراوە ونەبینراو -غەیبی- دەبینرێت، وئەم فەرموودەیەش لە شتە نەبینراوەکانە لایەن مرۆڤەوە -غەیبیاتەکانە- ودەبێت باوەڕمان پێی هەبێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10103